ژمارە : ١١٦٩ NO:
ڕێکەوت : ٢٦ / ڕێبەندان/ ٢٧١٥ کوردی DATE: ٢٠١٧/١/١٦

# ڕێنمایی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بە گشت جۆرەکانیەوە لەژێر کاریگەری خواردنەوەی مادە کحولییەکان

بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە ٣ برگە ١ لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و و برگە/١ لە بەشی (٣٤- پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای هاتووچۆ) لەیاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ و بۆ زیاتر پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و شوفێران و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

### پێناسەکان

**مادەی یەکەم:**

**وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

**بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ:** بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان

**ئامێری مەینۆشی:** ئامێرێکی تایبەتە بە پێوان و دیاری کردنی ڕێژەی مەینۆشی شوفێران.

**مادە کحولییەکان:** بریتییە لەو خوارنەوانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر مێشک و کەمکردنەوەی ڕێژەی ئاگایی شوفێر کە دە بێتە هۆی کاریگەری نێگەتیف لەسەر شوفێر وەکو (ناتوانایی کۆنترۆڵکردن، لێڵبوونی ڕێژەی بینین، هەستکردن بە لەخۆبایی بوون) کە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی کارەسات.

**پشکنینی هەناسە:** پشکنینی ڕێژەی هەبوونی مادە کحولییەکان لە خوێن لە ڕێگای هەناسەدانەوەی شوفێر بۆ ناو ئامێری دیاریکردنی ڕێژەی مادە کحولییەکان لەناو خوێن.

**مادەی دووەم:**

مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە زیاتر ڕێکخستنی باری هاتووچۆ و کەمکردنەوەوی ڕووداوەکانی هاتووچۆ و کۆنترۆل کردنی شوفێری سەرەڕۆ و پاراستنی زیاتری سەرو ماڵی هاووڵاتیان بە بەرکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆجیای سەردەم کە لە وڵاتەپێشکەوتووەکان بەکاردەهێندرێت.

**مادەی سێیەم:**

**نابێت ڕێژەی هەبوونی مادەکحوولییەکان لە لەشی شوفێر بەم ڕێژانەی خوارەوە تێپەڕ بێت:**

١- ڕێژەی (0.02) بۆ شوفێرانی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر کە کێشیان لە ١٤ تەن زیاترە و شوفێرانی ئۆتۆمبیلی بواری کشتوکاڵ و بیناسازی، هەروەها شوفێری ئەو ئۆتۆمبیلانەی هەڵگری مادەی ترسناک و بەرهەمە نەوتییەکان، و شوفێری ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی گشتی وەک (تاکسی، پاس).

٢- ڕێژەی (0.05) بۆ شوفێرانی جۆرەکانی تری ئۆتۆمبیل و ماتۆرسکیل.

**مادەی چوارەم:**

١- هەر شوفێرێک لە ژێر کاریگەری مادە کحولییەکان ئۆتۆمبیل لێبخوڕێت و لە پشکنین دەرکەوت کە ڕێژەی مەینۆشی لەم ڕێژەی مادەی سێیەم تێپەڕبێت ئەوا ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە بەپێی (**بەشی ٢٢: لێخوڕین لەژێر کاریگەری سەرخۆشی و بێ هۆشی لە یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤**).

٢- لەکاتی تێپەڕاندنی ڕێژەی مادەی چوارەم ئەوا ڕاستەوخۆ لێخوڕینی لێ قەدەغە دەکرێت و نابێت بەردەوامی بدات بە لێخوڕین و ئۆتۆمبیلەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕێکدەخرێت لەلایەن بنکەی پۆلیس بە پێی تایبەتمەندی شوێنەدە (الاختصاص المكاني)..

٣-کێشانەوەی مۆڵەتی لێخوڕین و ساڵیانەی ئۆتۆمبیل لەماوەی سزادانی برگەی ١ی مادەی پێنجەم و پێدانەوەی لەپاش جێبەجێبوونی سزاکەی و بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت بۆ دووبارە نەکردنەوەی.

٤- ئەگەر هاتوو شوفێر ئامادەنەبوو پشکنینی بۆ بکرێت ئەوا ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە دەکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی بەپێی یاسای اصول المحاكمات الجزائية ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١..

**مادەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر کارمەندانی هاتووچۆ ئەوانەی بە کاری بەکارهێنانی ئامێری مەینۆشی و پشکنین هەڵدەستن ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

١- نابێت ئەو جۆرە دەرمان و پاککەرەوانەی بۆ پاکراگرتنی ئامێرەکە بەکاردەهێندرێن ڕێژەی مادەی کحوولی تێدا بێت چونکە کار لە ڕێژەی مەینۆشی دەکات لە خوێن.

٢- ئەگەر ئامێرەکە پشکنینی پێکرا ئەوا دەبێت پاش (٥) خولەک لەدوای تەواوبوونی پشکنینی یەکەم ئینجا پشنینێکی تری پێ بکرێت.

٣- ئەگەر لەکاتی لێخوڕین لە ژێرکاریگەری مادە کحولیەکان جگەرە بکیشێت پێویستە پاش (١) خولەک لە تەواوبوو جگەرەکەی پشکنینەکەی بۆ بکرێت.

**مادەی شەشەم**

دەبێت ئامێری پشکنینی رێژەی مادە کحولییەکان لە خوێن لەلایەن مەفرەزەکانی هاتووچۆ بەکار بهێندرێت وەک بەڵگە.

**مادەی حەوتەم**

پێویستە لەسەر مەفرەزەکانی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان ئەم رێنماییە جێبەجێ بکەن

**مادەی هەشتەم**

ئەم رێنماییانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت (                ) لەگەڵ رێزدا
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ رێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - هەولێر/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ رێزدا
- وەزارەتی داد/ رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ رێزدا
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان/ لەگەڵ رێزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا
- فەرمانگەی یاسایی
- پلاندانان
- خولاو